هۆنراوە

# خەوە بەردینە



سوارەی ئێلخانیزادە

www.gagesh.com

کەریم دانشیار

## «خەوە بەردینە»

لە چەشنی گەرووی کەو ،
کەوی دۆمی یەخسیری زیندانی داری،
پڕی سەوزە بەستەی خرۆشانی باڕی
تەرەی باوەشی تاسەباری بناری
شەپۆلی لە گوێن خوێنی شەرمی کچانە
لە سەر ڕوومەتی ماتی بووکی ڕەزاسووک
بەتینی بتاوێنێ ڕوانینی زاوا
گەرمتر لە پڕشنگی تاوی بەهاری
وەکوو نەرمە هەنگاوی لاوی بەرەو ژوان
لە جێ ژوانی زیندوو بە گیانی کچی جوان
وەکوو گەرمە یاوی قەشەی دەستی تاراو
لە بژوێنی دەریای بلوورینی بەروێ
بە خوڕ خۆ بە دیواری کێوا ئەدا ئاو
لەگەڵ گاشە بەردا سەر ئەسوێ سەر ئەسوێ.

****

کچی نوور قەتیسی دەسی دێوی کێوە
لە ئەنگوستە چاوی دڵی خێوی کێوا
بەرەو دەر، بەرەو شاری دەریا بەڕێوە.
گەرووی ویشک و چاوی سپی چاوەکانی
دەرووی ڕوونی ئاوە
بە فانۆسی ئەستێرە بەرچاوی ڕوونە
لە بەر پێی حەریری کەوەی سێوەڕە
بە پۆی مانگە شەو چندراوە.
ئەڵێی بورجی خاپووری مێژووی لەمێژین
لە درزی هەزار خشتی ڕۆژ و شەوانی
دڵۆپەی چپەی پۆلی پەریانی دادا
ئەڵێی پێکەنینی کچی سەرگوریشتەی قەدیمی
لە ئەندامی تاپۆی وەکوو بوومەلێڵی
سنووری شەوی دوێنێ ئەوڕۆی بەیانی
پەچەی قورسی نسیانی ئینسانی لادا.

****

ئەڵێی دەنگی شمشاڵە ڕەشماڵی دۆڵی دڕیوە
شەماڵی دەرەی دوورە شاری
پشووی پڕ لە عەتری بەهاری کچی کورد
بە بلوێری شووشی گەرووی زەرد و زۆڵی
لە زەنوێری زێو ئاژنی سای زرینگانەوەی شەو
بە خوڕ زەمزەمەی هەڵبڕیوە
بە ئیعجازی ئەنگوستی پاکی موحەممەد
شەتی نوور بە ڕووی مانگی عەرزا کشاوە
تroووسکەی برووسکەی شەوی دەم بەهاری بە هەورە
لە سەر عاسمانی زەوی ڕاخوشاوە.
لە هەر گاز و ڕێبازێ وا گازی ئاوی ئەگاتێ
نیازی هەزاران گەزیزەی بەنازی وەدی دێ
ئەبووژێتەوە داری چاکی بە ودمی هەناسەی
شنەی نەرمە لاوێنی دەم بای ئەخاتێ.

****

ئەڵێن تاجی زمرووتی دووڕگەی لەسەر ناوە دەریا
هەتا چاو هەتەر کا، شەپۆلە، شەپۆلە
لە بوونا لە چوونا
بە ئاهەنگە سەربەندی بزوێنی خۆشی
لەبەر خۆرە تاوا ئەڵێی سینگی ژینە ئاهاژێ
ئەڵێی: هانی هەستانە دەنگی خرۆشی
سروودی خوناوەی بەهارە لە گوێما
لە هەر شێوە جۆبارێ هەر دەشتە چۆمێ
لە دڵمایە بڕوای بەرینی بە دەریا گەیشتن
لە تاریکە تاراوگەکەم وا بەسەر چوو
زەمانی تەریکیم
ئیتر خێر و خۆشی لە ڕێما

****

وەهایە :
کە کانی بە هیوا
بەهارانە لووزەو ئەبەستن بەرەو شاری دەریا
بەڵام داخی جەرگم لە گەڵ هەر بەهارێ
کە ڕائەچڵەکن سەوزەڵانی
لە خاکینە خەونی گرانا
لە دڵما خەم و داخی ئەم دەردە سەوزە:
کە دەردی گرانی هەموو ڕێبوارێ وەنەوزە

****

لەبەر نووری خۆرا
گەلێ کوێرەکانی شەوارەن
زنەی دەم بە هاواری هاری درۆزن هەزارن
کە تەسلیمی سیحر و تەلیسمی بنارن
بەبێ هەوڵی هەڵدان و چارانی چارن
بە هیوان بگرمێنێ هەوری بەهاری
ڕەهابن
لە زیندانی بەردینی غارا.
کەچی ، وا کەوی و دەستەمۆی دەستەڵاتی ڕکەی دۆڵ و شێون
لەبەر سامی ڕێ وا بەزیو و تەزیون
لە گەڵ گۆچی کردن گزنگێ،
چەواشەن لە پێچی نزارا.

****

هەتا بیری تاڵی گڕاوێ
بەدڵما گەڕاوە
هەتا یاد ئەکەم ئاوە بەو ورمە بەردینە کاری کراوە
ئەڵێم سەد مخابن
وەجاخێ کە ڕووگەی هەزاران نزای شینە باهۆی بەتاسەن
وەبووژێنەوەی هەست و هان و هەناسەن
چلۆنە کە بیژووی گڕاوان ئەبینن
لە نێو چاوی ئەو خانەدانە
لەهی چۆنە پیتی بڕاوە؟
نە سۆزەی بلاوێنی میری، خوناوەی بەهاری
نە تووکی برای ڕێبواری
لە کاسی خەوا، فێری ڕاسانی ناکەن
لە مانا، بە ئامان و بریا
پەشیمانی هەرمانی ناکەن
وەها گەی لەشی بەو گە بەردینە گاوی دراوە
کەحێلێکە، کۆڕژن و حیلەی نەماوە
وەهایە کە هەر گیایە لەو دەشتە شینن
لە سەر ماتەمی ئاوە بەردینە، سەرشین و سەرگەرمی شینن

****

گەلێ گۆلە لەو چۆلە یەخسیری خاکن
بە ڕوویا گەڵا وەک چەمۆڵەی کلۆڵی وەریون
گەمارۆی زەلی نێزە، وا تەنگی پێ هەڵچنیون،
کە بێ دەرفەتی پێکەنینن بە سەد بەرزگی زەردە ماسی
لق و پۆپ و هەژگەڵ
وەها دەور و پشتی تەنیون
کە بێ فرسەتی چاوەبڕکێ
لە گەڵ عەڕشی پاکن

****

هەتا جۆگە ئاوێ بە وشکی دەبینم
ئەڵێی مێرگی ڕوخساری کیژێکی کاڵ و مناڵە
بە کووزی تەمەن جاڕە جوانێکی پڕ خەوش و خاڵە،
تەشەندارە جەرگی برینم.
بەڵێ: دوورە گەرمێنی دەریا
بەڵێ: وایە کانی هەژارن
ئەزانم
ئەوانەی کە پاراوی ئاون بژارن.
ئەزانم لە ڕێگا،
مەترسی گەلێ ژەنگ و ژارن.
بەڵام کاکە ئەو گشتە عەقڵی خەسارن
لەناو ئەو هەموو ئاوە هەر چاوەیەک
باوی هەنگاوی خۆشە
بە تەنیا ئەوە شارەزای کۆسپ و کەندالی ڕێ یە
هەوەڵ مەنزڵی زێ یە، ئاواتی بەرزی زرێ یە
ئەزانێ لە هەڵدێرە هانی بەهێزی
لە ئەسکوند و چاڵایە هەڵدان و گێژی
پەڕۆی شینی سەرشانی دەریایە ژینی کەرێزی
ئەزانێ لەپێ ناکەوێ پێ یە پێڵاوی تاسەی پیاسەی لەپێ بێ
نەوەستان دەوەستێ بە دەستێ
کە خاراوی ئیش و سواوی سوێ بێ
لەهەر شوێنێ ڕاماوە، داماوە، کاری تەواوە
ئەزانێ ئەبێ هەر بژی و بازوێ، تا بژی تا بمێنێ
هەناوی بە هەنگاوە، نەسرەوتنە کوولەکەی ڕووحی ئاوە.

****

## دووی ڕێبەندان

بیرەوەری دووی ڕێبەندان
دەمخاتە سەر بەستە و بەندان
ڕێبەندانی ڕێ نوێنە
لە داگیرکەر سەرشێوێنە
دوژمنی کورد جێی پێ لێژە
با بگێڕین گەڕەلاوێژە

****

هۆ هۆ شوانە! بە نەغمەی تەڕ و پاراوت
بە بلوێری لە خەم و دەردا سووتاوت
باروژێنە گیانی خەوتووی گەزیزەی هەرد
بە سوارۆێک بە حەیرانێک ، دامرکێنە بڵێسەی دەرد

****

هۆ هۆ جوتێر! جوتێری چەوساوەی خەمان
خاڵە ڕێبواری خەیاڵت نیشتەجێ بوو، خەمان نەمان
بە ئارەقی نێوچاوانی بەرزی کرێکاریت
چناوی هیوا با شین بێ لە کووزی ڕووی دەردەداریت

****

ئەی کچی جوان ! ئەی یەزدانی داوێن پاکی
دیلانێ بگێڕە بەسەر چوو دیلی و زەلیلی و خەمناکی
ئەو هەوریەی لە دەوری دارت پێچاوە
لە دەوری دەستت هاڵێنە بە دەم سووڕانی سەماوە
شایی دەگەڕێ لە دێ یان
گیان هاتۆتە ئاسۆی گوێ یان
دیلانە لە هەموو ماڵان
پیرۆزبایی لە هاوالان
بەو زستانە دڵ بەهارە
لە هەموو سنووران هاوارە
لە دوژمنان ڕێبەندانە
بۆ کورد وادەی گۆڤەندانە.

****

شایی نەدار و هەژارە
ئەوجار هەژار خۆی سەردارە
مەڵبەند بەهاری تێ زاوە
«قازی»مەزن هەر وەک کاوە
هێزی کۆمەڵی لە پشتە
هەودای خاوی هیوا گشتە

****

قورینگ چلەی زستان دەبڕن
چاویان لە کوردستان دەبڕن
بە پۆل گوڵن لە شەتاوان
دەخەملێنن دەم چۆماوان
بیستوومە لە کۆنە پیاوان
سەرگوریشتەی خاوەن ناوان
لە سەخڵەتا خۆشی دیارن
هەر زۆرە کوژەی زۆردارن
نەزیلەی باپیران وایە
شەو بۆ مێردان وەک قەڵایە
شەوەی شەو لەشی کوشی بووین
ڕێبەندان ڕێگای تەنی بووین
گیانمان خارا بە دەرد و ئێش
ڕێگای ئازادین گرتە پێش
پاش چەن ساڵ لە نەورۆز دووریمان
هەڵبوو چرای جمهووریمان
با بگێڕین زەماوەندێ با بۆتان بڵێم سەربەندێ
ئەوجار چینی فەلا و کرێکار
قەت ناڵێن خۆزگەمان بە پار
دەری هاویت تۆوی دژی
ڕەنجبەر بژی ، بژی، بژی

****

## تۆ دەریامی

تۆ دەریامی
بە ڕوانینی دووچاوی شینی بێ بنت
بە خاوێنیت بە ئارامیت
تۆ دەریامی
بە شەپۆلی لەنجە و لارت
بە تووڕەیی جار بە جارت
بە شەنگە ژنیت
بەسامیت
تۆ دەشتی ئەوپەڕ نادیاری
بۆ چۆل بڕی لەپێ کەوتوو
تاپۆی شاری
تۆ ڕوح سووکی وەک خەونی خۆش
وەک هەناسە
جێ ناگری
لە توێی شیعرا چەشنی تاسە
تۆ تراوکەی جارێ دیار، گاهێ نەدیاری
هیوای تینوێتی ڕێبواری
تۆ شۆڕەبی ناو شۆرەکاتێکی گەرمی
لەبەر نیگای تاسەباری ئەویندارا
خۆ داپۆشیو بە لک و پۆی کەزیەی نەرمی
بەڵام ئەی کیژ
ئەی چاو نەرم
ئەی خەنجەری تۆڵەی ڕق تیژ
ئەمڕۆ من لە خەستەخانەم
نە وشیارم نە لەسەرخۆ
لایەکی بیرم لای ئەو گەنجەیە
بە دەمی برین پێکەنی
بە شوورەی وەک پۆڵای لەشی
ڕێگای چەکمەی سووری خوێن و دەستی ڕەشی «بەعسی» تەنی
لایەکی بیریشم لای تۆ
نا ئەی هەنیەت وەک مانگە شەو
نا دەریای مەندی چاو بەخەو
گڕی ئاخ بەرمەدە گیانم
بە نیگای ئاشنای لێ کوژراوان مەمتاسێنە
خۆم زامارم

بە خوێی توانج
مەمکولێنەوە، مەمسووتێنەوە
مەڵێ خۆزگە دەزگیرانم
پاڵەوپشتی ژیانم
بمردایە.....!
****
بەڵام ئەمڕۆ
کە هەر ساتێ دڵی دایکێ
لە کوردستان هەڵ ئەقرچێ
بە هەر بۆمبای سووتێنەرێک، پێشمەرگەیەک
داری چاکێک دائەقرچێ
نەتکوتبایە لایەکی بیرم لای تۆیە
مەگری و مەڵێ دەزگیرانت ڕەنجەڕۆیە
بەو زارەی لە زەردە زیزە
بە ئارامی کە شێوەی دڵمەندی تۆیە
مەڵێ بەس ئەم گوفت و گۆیە
تۆ لات وایە
من نازانم
سکاڵای دڵداری خۆشە
بەڵام ئەمڕۆ من بەشێکی کوردستانم
کیژی سەد براکوژراوی نیشتمانم
تازەماسی تاسەباری دەستی تینووت
ڕێی نیە بۆ دەریای سینەم
هێندی خوا خۆشەویستی
بەڵام من کیژێکی کوردم
جەهەننەمە گڕی سینەم 1352

## کۆرپەی لێو بەبار

لە شەوقی ڕووی مانگ
لە بژوێنی ئاو
گوڵی سێوەڕە بە زێو تەندراوە،
هەناسەی ساردی
کورپەی لێو بەبار
کە تاسەباری ڕووی مانگی دایکێ
دیلی دەستی شەو
هاوار ئەکا : مانگ
لە هەوری ڕەشی زوڵم و دزێوی
گەر خۆ نەبوێری
ڕۆژی ڕووناکی ئاوێتەی دیدار
ڕەشایی شەو و ترووسکەی ستێر
نابێ لە ئاسۆ

****

## شار

گوڵم !
دڵم پڕە لە دەرد و کوڵ
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
ئەڵێم بە جامێ ئاوی کانیاوی دێ یەکەم
عیلاجی کەم کوڵی دڵی پڕم، لە دەردی ئینتیزارەکەت
وەڕەز بوو گیانی من لە شار و هاڕە هاڕی ئەو
لە ڕۆژی چڵکن و نەخۆش و تاو ویاوی شەو
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
لە شاری چاو لەبەر چرای نیئۆن شەوارەکەت
بڕۆمە دێ کە مانگە شەو بزێتە ناو بزەم
چلۆن بژیم لە شارەکەت
کە پڕ بە دڵ دژی گزەم؟!
لە شارەکەت، کە ڕەمزی ئاسن و منارەیە
مەلی ئەوین غەوارەیە
ئەڵێی لە دەوری دەست و پێم
ئەوەی کە تێل و تان و ڕایەڵە، کەلەپچەیە
ئەوەی کە پەیکەرە میسالی داوەڵە
ئەوەی کە دارە تێلە، مەزهەری قەنارەیە
لە شارەکەت کە مەندی دووکەڵە
کە دێتە دەر لە ماڵی دەوڵەمەند
وە تیشکی بێ گوناهی خۆرەتاو ئەخاتە بەند
لە هەر شەقام و کووچەیەک شەپۆڕی شینە
دێ بەرەو دڵم
دەستی گەرمی ئاشنا نییە کە ئەیگوشم
دەستی چێوی یە
لە شارەکەت زەلیلە شێر،
باوی ڕێوی یە
بە هەر نیگایەک و پەتایەکە
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
گوڵم، هەرێمی زۆنگ و زەل
چلۆن ئەبێتە جاڕەگوڵ
لە شاری تۆ، لە بانی عەرەشە قۆنەرەی دراو
شارەکەت
ئاسکە جوانەکەم !
تەسکە بۆ ئەوین و بۆ خەفەت هەراو
کێ لە شاری تۆ، لە شاری قاتڵی هەژار
گوێ ئەداتە ئایەتی پەڕاوی دڵ؟

منێ کە گۆچی تاوی گەرمی بەردەوارەکەی عەشیرەتم
بە دارە تەرمی کووچەکانی شەرەکەت
ڕانەهاتووە لەشم
بناری پڕ بەهاری دێ
ڕەنگی سوور و شین ئەدا
لە شیعر و عاتیفەی گەشم
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت گوڵم

****

## خێڵی درۆ

ئێوه کێن؟ خێڵی درۆ
گەلی دەم پڕ لە هەرا
نیشتەجێی شاری بە گرمە و دووکەڵ
پێم بڵێن:
ئێوه چ کارەن ؟
چ کەسن ؟
ئێوه ئەی کرمی کتێب
یاری غاری هۆدە
بە گەرووی قاسپەکەری کەوتارێن
جارێ کام گوم بوو ئەدەن وا بە هەڵپە و بە دەهۆ ؟
ئێوه :
میراتگری کام جێ لەوەڕن ؟
ئێوه، حاشارگری ڕووبەندی وشە
بووکی بن تارای سوور
خوا نەکا بای بە تەوژمی کوێستان
لابەرێ پەردە لە سەر باڵاتان
دەرکەوێ هەر دەکوژن دوورا دوور.
ئێوه :
کەی شێری چیان ؟
بەردەماوخۆری تولّە و گورگی گەڕن
قاقڕە گیانە هەوای بەرپشتێن
شۆڕەکاتێکە کوژەی خەڵفی دەست
زەلکەیە کۆڕەکەتان ئێوه زەلن
هەر بە بایەک ئەگرێن بێ دەربەست
کام بەیان بەر بوو لە بەندی شەوه زەنگ ؟
کام کولەی شۆڕ بە نەفەستان لاچوو ؟
مل بە بەرمووری وشەی ڕەنگاوڕەنگ !
کامە پێ کەوتە پیاسەی ڕێتان ؟
ئێستە وا گرمە لە کێوان بەرزە
مێش ئەخاتە لەشی گا بوولەرزە
ئێوەن و ئێوەن و لۆکەی گوێتان
بەسیەتی ،..... بەسیەتی
واهات ........... وا چوو .      1347

## کچی بەیان

من ئەڵێم :
پەپوولەیەک فڕی بە باڵی سەوز و سوورەوە
من ئەڵێم :
گوڵێ بە دەم شنەی شەماڵەوە بزەی بزووت
تۆ ئەڵێی :
چ بوو پەپوولەیەک فڕی
یانە سوورەگوڵ ، زەردە کەوتە لێوی ناسکی
من ئەڵێم :
هەتا هەتایە دەوری جوانی یە
ئەمڕۆ گەر هەتاو کەسیرەیە نەماوە ئاگر و گڕی
مێرگی ئاسمان بە سووتمانی هەوری لۆکەیی نەزۆک
پڕ لە خاڵ و قۆپەنە
جەنگەڵێ کە جێ ژوانی پۆلە پۆڕی باڕی یە
جێگە مۆڵی کەمتیار و گورگ و ڕێوی یە
شۆڕەبی کە بۆتە داری چاکی بێ نەشە و شنە
زەلکە گەر تەیاری تێر و قۆشەنە
خۆشەویستەکەم
لە پەنجەرەی نیوەتاکی بوومەلێڵەوە
چاوی من لە دیمەنی کچی بەیانی یە
لە حەنجەرەی زەمانەوە
گوێم لە زەمزەمەی زولاڵی خیزە وردەکانی کانیە.
باسی شەو مەکە نە شایەری شەوم
باسی خەو مەکە لە لای هومێدێکەوە فێرە سەر ڕەوم
بەو دەمەت کە بۆنی سەد بەهاری لێوە دێ
بۆنی دەشتی بەختیاری باوەشی چیای، بە دەستی با
بە گوڵ چناوی، لێوە دێ
بۆنی سەرسەکۆی بە کاگڵی ، بە ئاوپژاوی، لێوە دێ
پێم مەڵی کە داکەوم
پێم مەڵێ کە ئاڵی زاڵی شەو، چاوی بێخەوی چڕە
پێم مەڵێ نەهاتنەوە ئەوەی کە چوون
مەگری بۆ خەساری بێ گەڕانەوە
ڕێگەمان دوور و سەخت و قاقڕە
خۆشەویستەکەم
ئێمە نوێنەری خەباتی ڕۆژهەڵات
ڕۆژهەڵاتی سووری ئاگرین
فێر نەبووین بەزین و دابەزین

ڕانەهاتووە
چاوی قارەمانی کورد
بە شەونمی گرین
خۆشەویستەکەم
لە پەنجەرەی نیوەتاکی بوومەلێڵەوە
چاوی من لە دیمەنی کچی بەیانی یە
لە حەنجەرەی زەمانەوە
گوێم لە زەمزەمەی زوڵاڵی خیزە وردەکانی کانی یە .      1348

## سروەی بەیانی

تۆ وەکوو
سروەی بەیانانی بەهاری
تۆ لە لەشما
گیانی سووکی نادیاری
بۆ شەوی خۆشی و نەخۆشیم یادگاری
ڕەمزی ئینتیزاری

****

تۆ جریوەی دارسانی جێ ژوانی
بۆ هەسێرەی بەرزی ئاواتم
سریوەی
چەندە جوانی
گیانەکەم
جاران کە ئەتکوت
پێکەنینت زایەڵەی
سەوزی شەتاوە
چاوی شینت گۆمی مەندی
پڕ لە ماسی
زەرد و سووری بەر هەتاوە
ئێستە بۆ وا شۆڕەبی
برژانگی نەرمت دەوری داوە
بۆچی گەرمایی ڕوانینت نەماوە ؟

****

## بۆ کچە کوردێ

دزەی نیگای ژێر تارای شەرم و ناز
سەرنجی کێشام کیژی کرچ و کاڵ
ئەی پەریزادەی ئەوپەڕی جوانی
لەوساوە کە تۆ
بازی نازی تۆ
بۆ منی کلۆڵ ئەنێریتە ڕاو
دڵ وەک دوو تەپڵەی
سوارەی کوردی
جوانووی نەگیراو
مەیل ئەخاتە باڵ
خەرمانەی بۆنی زولفت لە سار شان
بۆی کێوی شەوبۆ فەسڵی درەنگان
تێریتە بیرم
چاوە کاڵەکەت
هەسارەکەی ڕۆژ بۆ ڕێبواری شەو
یا خۆ قاسپەی کەو لە دەم بەیانا
بۆ هەوارنشین، هەوارگەی شاهۆ
تێریتە بیرم
کە ڕووی وتارت ئەکەیتە لای من
سروەی بەیانی ، ئازیز شنە شن
تێریتە بیرم

****

## هەڵۆ

پاییزە دار و دەوەن بێ بەرگە
دڵ پەشۆکاوی خەیاڵی مەرگە
هەر گەڵایێ کە لە دارێ دەکەوێ
نووسراوێکە بە ناخۆش خەوەرێ
تاو هەناوی نیە وا مات و پەشێو
لەشی زاماری دەکێشێتە نشێو
ڕۆژ پەڕە، ساردە کزەی بای زریان
کاتە بۆ ژینی لە دەس چوو ، گریان
دڵی پڕ بوو لە پەژارە و لە دڵۆ
ژینی خۆی هاتەوە بیر پیرە هەڵۆ
بە قسە خۆشە مەترسی مردن
تاڵە ئەو هەستی بە مردن کردن
کاتی کۆچ کردنە وەختی سەفەرە
داخەکەم سەختی ژیانم لەبەرە
هەر بینا هات ئەجەل و من مردم
با لە شیوێ پەڕ و باڵی بردم
تۆ بڵێی پاشی نەمان ژینێ بێ ؟
بۆ لەشی ساردەوە بوو تینێ بێ ؟
تۆ بڵێی ئەو خەوە هەستانی بێ ؟
یا نە ئەو قافڵە وەستانی بێ ؟
مەرگە دێ و دوا بە هەموو شت دێنێ
هەموو ئاواتێ لە دڵ دەستێنێ
پاشەرۆکێکی بکەم لەم باخە
تاکوو باڵ و پەڕی من پەرداخە
هەر بڕۆم نابەڵەد و بێ سەر و شوێن
دیار نییە خێڵی هەڵۆیان لە کوێن
شارەزای ڕێگەیی مردن کێیە
چیە ئەو مەنزڵە کوێنەی جێیە
نابمە ڕێبواری کەلی هات و نەهات
چارەکەم بەشکوو ئەوا هات و نەهات
خۆی بە خۆی گوت کە دەچم بۆ لای قەل
کەیخودای پیر و بە بیری گەلی مەل
هەڵفڕی ڕاوکەری زاڵی کەژ و کێو
لە چیای بەرزەوە ڕووی کردە نشێو
کەوتە ئەو دەشتە لە ترسا تەق و ڕەو

دەرپەڕی کوڕکوڕ و کڕ مایەوە کەو
هاتە لای قەل بە کزی و بێ وازی
قەل گوتی : مامە هەڵۆ ناسازی ؟
کوتی قالاوە ڕەشەی پسپۆڕم
پیرم و پێ یە لە لێوی گۆڕم
باخی ژینم بە خەزان ژاکاوە
کاتی مەرگە و ئەجەلیش ناکاوە
پێم بڵێ چۆنە کە تۆ هەر لاوی
زۆر بە ساڵ پیری بەڵام چا ماوی
هێزی ئەژنۆم نیە باڵ بێ هێزە
هەموو گیانداری ژیان پارێزە
قەل کوتی باشە کە گوێ ڕادێری
پەندی من پاکی بە دڵ بسپێری
ئەو دەمە بابی بەهەشتی من مرد
دوور لە تۆ دەرد و بەڵای ئێوەی برد
پێی کوتم ڕۆڵە هەوای ڕاز و نزار
هەیەتی دەرد و نەخۆشی بە هەزار
دیق و زەردویی و ئاهۆ و وەرهەم
بە گژەی بای بە قەوت دێن بەرهەم
گۆشتی کەو چەندە کە تام دارە بە ناو
هەنگ و هالاوێ دەهەنوێتە هەناو
تا وزەی بیر و خەیاڵ سەردەکەوێ
کە لە گۆر کەوتی وەها دەردەکەوێ
پەین و پاڵی کە لە پاڵی دێ یە
مەنزڵی نۆکەری خۆتی لێ یە
کەرە تۆپیو و کەلاکی گوێلک
هەڵمی دڵ ڕوون کەرەوەی سەرگوێلک
پێکەوە چینە بکەین لەو پەینە
بۆی سەنێر مەلحەمی بیر و زەینە
ورد بەوە چەندە بەمانا قووڵە
مەسەلە و گفتی قەلی ماقووڵە
بیکە سەرمەشقی ژیان ئەو ئیشە
هەر لە سەر داری نەوی هەڵنیشە

****

هاتەوە بیری هەڵۆ ڕابوردووی
پاکی بووژانەوە یادی مردووی
گوڵ کرا ڕایەخ و پایەندازم
چەندە ئاژوا لەشی کێو ئاوازم
چەندە ڕوانیمە زەوی لەو بانە

کێو و دەشت لەو سەرەوە چەند جوانە
چەن چکۆڵەن پەلەوەر لەو بەرزە
ئاخ کە چەن خوێڕی گرە ئەم عەرزە
چەندە ڕاوی کەو و کەوبارم کرد
دوژمنی تاقمی شمقارم کرد
کۆلکە زێڕینە وەکوو تاقی زەفەر
ئاسمان بۆ منی بەست کاتی سەفەر
حەوتەوانان بوو مەیانی شەڕی من
چەندە شۆراوە بە خوێن شاپەڕی من
ئێستە بۆ وا ڕەبەن و داماوم
من هەڵۆ چاو لە دەمی قالاوم
سا کە ئەو کارە وەها ساکارە
مەرگە میوانی گەدا و خونکارە
هەوری ئاسمان بێ خەڵاتم باشە
یا لەشم خاشە بکێشن باشە
کوتی وا ژینی درێژ پێشکەشی خۆت
گۆشتی مندارەوە بوو هەر بەشی خۆت
ژینی کوردت و بە هەڵۆیی مردن
نەک پەنا بۆ قەلی ڕوو ڕەش بردن
لای هەڵۆی بەرزەفڕی بەرزە مژی
چۆن بژی خۆشە نەوەک چەندە بژی

****